# سیستەمی یاسایی پارتە سیاسیەکان لە عیراقدا
## توێژینەوەیەکی شیکاریە دەربارەی تایبە تمەندیەکانی پارتی سیاسی لەژێر ڕۆشنایی یاسای پارت و ڕێکخستنە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥

د. پێشەوا حمید عبدالله

زانکۆی راپەرین
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی یاسا

## پێشەکی

کۆمەڵگاکان بەبێ بوونی پارتەسیاسیەکانیش بونیان دەبێت، بەڵام نەبونی پارتەسیاسیەکان لەناو کۆمەڵگادا هیچ بەهایەکی دیموکراسی و ژیاری بۆ ناهێڵێتەوە، لەسەر ئەم بنچینەیە سیستەمە سیاسیە دیموکراسیە سەردەمیەکان سوربونی خۆیان بۆ پێویستی بوونی پارتەسیاسیەکان و گرنگی ڕۆڵیان لەکۆمەڵگادا دوپات دەکەنەوە، بەوپێیەی پارتی سیاسی وەك: پایەیەکی گرنگ و پێکهێنەری کۆمەڵگای سیاسی، وەك ئامرازی فشار، وەك بزوتنەوەی سیاسی کۆمەڵایەتی، فۆرمێکی سیاسی و شارستانی ڕێکخراو دەبەخشێتە بەر کومەڵگەی سیاسی، ئەو کۆمەڵگەیەی هەمیشە و بەردەوام کارتێکراوە بە چالاکی پارتە سیاسیەکان و هەڵبژاردن و ... هتد، تا ئەوکاتەی کەپارتی سیاسی دەبێتە بەشێك لەپایەگرنگەکان و ڕەگەزە سەرەکیەکانی سیستەمی سیاسی دیموکراسی.

گرنگی بابەتی توێژینەوەکە: بابەتی توێژینەوە لەبواری پارتی سیاسی یەکێکە لەگرنگترتین بابەتەکانی بواری یاسای دەستوری و زانستە سیاسیەکان و مافو ئازادیەکانی هاوڵاتیان، بەتایبەتی لەکۆمەڵگا سیاسیە ڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و پاراستنی بەها دیموکراسیەکان و مافەکانی مرۆڤ. لەعیراقیشدا لەدوای دانانی دەستوری نوێی عیراق لەساڵی ٢٠٠٥و هاتنەکایەی سیستەمێکی نوێی دەستوری دیموکراسی نوێنەرایەتی و وەرگرتنی دەسەڵات لەرێگەی هەڵبژاردنەوە، توێژینەوە لەبواری پارتەسیاسیەکان گرنگی خۆی وەرگرت، بەتایبەتی لەدوای دەرچونی یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ی ساڵی ٢٠١٥.

چوارچێوەی توێژینەوەکە: سەرنجی خوێنەر رادەکێشین توێژینەوەکەمان لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت- دیاریکردنی ئەم چوارچێوەیەش لەرووی رواڵەتیەوە پێویست بوو بۆگونجان لەگەڵ مەرجەکانی گۆڤارە ئەکادیمیەکان- تایبەت بەو بابەتانەی لەپلانی توێژینەوەکەماندا ئاماژەی بۆکراوە، پەیوەست بە ناوەرۆك و پێناسە و ڕەگەزەکانی پارتی سیاسی، جۆر و تایبەتمەندی وئەرکو مافەکانی پارتی سیاسی لەژێر ڕۆشنایی یاسای پارت و ڕێکخستنە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥، نەك سەرجەم مادەو برگەکانی یاساکە، کە بێگومان

بوار و كەرەستەی چەندین توێژینەوەی جیاوازو سەربەخۆی گرنگە. هەروەها بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بكەین- بۆ ئەوەی بتوانین توێژینەوەو كارێكی زانستی نوێی ئەنجام بدەین نەك كارێكی دووبارەو پێشوەختە نوسراو- خۆمان بەدوور گرتوە لە شیكاركردن و لیكۆڵینەوە دەربارەی دۆخ و رێكخستنی یاسایی پارتە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستان چونكە هەرێمی كوردستان بەدەرە لەجێبەجێكردنی یاسای پارتە سیاسیەكانی عیراق بەهۆی بوونی یاسایەكی تایبەت بە خۆی بەناوی یاسای پارتە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستان ژمارە ١٧ ی ساڵی ١٩٩٣ ئەمە لەلایەك، هەروەها بەهۆی بوونی توێژینەوەی زانستی یاسایی تایبەت بە رێكخستنی پارتە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستان لەلایەكی ترەوە.

رێبازی توێژینەوەكە: توێژینەوەكەمان لەسەر بنەمای لێكۆڵینەوە لەگرنگترین بنەماو رەگەزەكان و ئەرك و مافەكانی پارتی سیاسیە لەژێر رۆشنایی یاسای پارتە سیاسیەكانی عیراق ژمارە ٣٦ ی ساڵی ٢٠١٥.

گریمانەی توێژینەوەكە: گریمانەی توێژینەوەكەمان پرسیارێكی سەرەكیە لەچوارچێوەی پلانی توێژینەوەكەماندا: ئایا لەرووی تیۆریەوە یاسای پارتە سیاسیەكانی عیراق ژمارە ٣٦ ی ساڵی ٢٠١٥ سەركەوتو بوە لەرێكخستنی هەمەلایەنەی پارتە سیاسیەكان؟

ئامانجی توێژینەوەكە: ئامانجی توێژینەوەكەمان جگە لەئەجامدانی ئەركێكی زانستی، شیكردنەوەو لێكۆڵینەوەیە بۆ ئاشناكردنی ئەو بابەتانەی یاسای پارتە سیاسیەكانی عیراق ژمارە ٣٦ ی ساڵی ٢٠١٥ كەپەیوەستن بە ناوەرۆك و پێناسە و رەگەزەكانی پارتی سیاسی، جۆر و تایبەتمەندی وئەركو مافەكانی پارتی سیاسی، هەروەها بەشداریكردنە لە پرۆسەی پێشخستنی بواری توێژینەوەی زانستی و كتێبخانەی یاسایی و سیاسی كوردی، لەسەر ئەم بنچینەیەش بریارماندا زمانی توێژینەوەكەشمان كوردی بێت.

پێكهاتەو پلانی توێژینەوەكە: سروشتی بابەتەكانی توێینەوەكەمان پێویستی كرد كە پێكهاتەو پلانی توێژینەوەكەمان بەم شێوەیە دابرێژین: جگە لەپێشەكی، سێ تەوەری سەرەكی لەخۆ دەگرێت، تەوەری یەكەم: بەناونیشانی ماناو پێناسەو رەگەزەكانی پارتی سیاسی و دابەشبوە بۆ دوو بەش، بەشی یەكەم تایبەتە بەناوەرۆك و پێناسەی پارتی سیاسی، وبەشی دووەم تایبەتەبە رەگەزەكانی پارتی سیاسی. تەوەری دووەم: بەناونیشانی جۆرەكانی پارتی سیاسی و تایبەتمەندیەكانی و دابەشبوە بۆ دوو بەش، بەشی یەكەم تایبەتە بەجۆرەكانی پارتی سیاسی، بەشی دووەم تەرخانكراوە بۆ تایبەتمەندیەكانی پارتی سیاسی. تەوەری سێیەم بەناونیشانی ئەركو مافەكانی پارتە سیاسیەكان و دابەشبوە بۆ دوو بەش، بەشی یەكەم تایبەتە بە ئەركەكانی پارتە سیاسیەكان، و بەشی دووەم تەرخانكراوە بۆ مافەكانی پارتە سیاسیەكان. هەروەها كۆتایی توێژینەوەكەمان چەند ئەنجام و پێشنیازێك لەخۆ دەگرێت. ئەمە جگە لەبوونی پوختەیەكی توێژینەوەكە بە هەر سێ زمانی كوردی، عرەبی، ئینگلیزی. دواتریش ئاماژەدان بە لیستی سەرچاوە زانستیە بەكارهاتوەكان و رێكخستنیان.

## تەوەری یەکەم: ماناو پێناسەو رەگەزەکانی پارتی سیاسی

### بەشی یەکەم: ناوەڕۆك و پێناسەی پارتی سیاسی

زاراوەی پارتی سیاسی بەکاردێت بۆ رێکخستنە جەماوەری و گشتیەکان، بۆ دەربرینی بۆچونو ئامانجی ژماریەکی زۆری هاولآتیان، بەتایبەتی لەسیستەمە سیاسی و دەستوریە دیموکراسیەکاندا [1].

پارتی سیاسی بەرهەم و رەنگدانەوەی فەلسەفەو ئایدۆلۆژیاو کلتوری پیادەکراوی کۆمەڵگاکەیەتی، و یەکێکیشە لەگرنگترین دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی، و گەشەو پێشکەوتنی پەیوەستە بە کۆمەڵگاکەیەوە، بەتایبەتیش کە پارتەکە بەشێوازێکی دروستی دیموکراسی لەناخی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتو و دیموکراسدا سەری هەڵدابێت و گەشەی کردبێت. [2]لەبەر ئەوەی پارتی سیاسی وێنەی راستەقینەی جیاوازیە نەتەوەیی و ئاینی و کلتوری و ناوچەیی و ئایدۆلۆژیەکانی کۆمەڵگایە، بەهەمان شێوە ئەم فرەی و جیاوازیانە کاریگەرن لەدارشتنی ستراتیجیەت و پرۆگرامی بنچینەیی و ئامانجە بالأکانی. ئەم رێسایەش لەدروستبونی پارتی سیاسیدا کاریگەری هەیە لەسەر رەگەزە پێکهێنەرە سەرەکیەکانیدا، بەتایبەتیش رەگەزی رێکخستن کە رۆڵێکی سەرەکی هەیە لەناو پارتێکی سیاسی جەماوەریدا، جگە لە رێکخستن، فاکتەرەکانی پێکهاتەی پارت، فرەیی و جیاوازی، ئایدولۆژیا، ستراتیج، بەشداری سیاسی، هەڵبژاردن، سیستەمی فەرمانرەوایەتی ولأت، شێوازی دروستکردنی بریار، هەموو ئەم فاکتەرانە کاریگەری دوولایەنەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دروست دەکەن لەسەر پارتی سیاسی و کۆمەڵگای سیاسی رێکخراو.[3]. پارتی سیاسی وەك پێویستیەکی راستەقینەیی کۆمەڵگای دیموکراسی و شارستانی ریکخراو، چەقی پیادەکردنی دەسەلأتی سیاسیە لەکۆمەڵگای دیموکراسیدا، بەتایبەتی لە قۆناغی رادەستکردنی دیموکراسی و ئاشتیانەی دەسەلأت و پەسەند کردن و دانپێدانان بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. لێرەوە گرنگی پەیوەندی راستەوخۆی نێوان دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەت و پارتی سیاسی لەلایەك، و دامەزراوەکان و کۆمەڵگای دیموکراسی رێخکراو لەلایەکی ترەوە دەردەکەوێت، کەلەدەستوردا بوون و ئەرك و ماف و دەسەلأت و تایبەتمەندیان دیاریکراوە و سنوری بۆ دانراوە، دەوڵەتیش وەك لوتکەی دامەزراوەکان پێویستی بەبونی دەستورە بۆ رێکخستنی سەرجەم دامەزراوەکان. لیرەدا بەپێویستی دەزانین باس لەگرنگی دەرچونی یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بکەین، بەیەکێك لەدەسکەوتە بەهادارەکانی ژیانی سیاسی دادەنرێت لەعیراقد، هەنگاوێکە بۆ چاکسازی لەبواری کایەی سیاسی و چەسپاندنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و گەشەپێدانی، لەچوارچێوەی پایەو رەگەزە سەرەکیەکانی دەسەلأتداریتی لەدەوڵەتی عیراقدا.

---

[1] د. اسماعيل على سعيد، دراسات في المجتمع والسياسة، الجزء الأول، دار النهظة العربية، بيروت، لبنان، ١٩٨٨، ل١٩٣ و د. عبدالغني بسيوني عبدالله، الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري، مطابع السعدني، ٢٠٠٤، ل٦٦٠

[2] د. باسم الزبيدي، مأزق الديمقراطية في الأحزاب الحاكمة في العالم العربي، بلأوكراوەتەوە لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی Blogspot.com.www.bohothe . ، رێکەوتی ١٧-٥-٢٠١٦.

[3] د. كريم يوسف احمد، الحريات العامة في الأنظمة السياسية المعاصرة، منشأة المعارف بالأسكندرية، ١٩٨٧، ل٥٣٢، و د. نعمان احمد الخطيب، الوجيز في النظم السياسية، الطبعة الأولى، دار الثقافة، عمان، ١٩٩٩، ل٣٩٥. Hibbs, Douglas A. "Political parties and macroeconomic policy." American political science review ٧١, no. ٠٤ (١٩٧٧): ١٤٦٧-١٤٨٧

پێویستە ئاماژە بەو راستیە زانستیە بکەین کە، دەربارەی پێناسەی پارتی سیاسی بۆچونی زۆرو جیاواز لەیەکتری هەن، ئەمەش قورسی و ئالۆزی دروستکردوە لەپێناسەکردنی پارتی سیاسیدا، بەهۆی چەندین هۆکاری جیاوازی وەکو جیاوازی ئایدۆلۆژیاو بیروباوەری نوسەران، سیستەمی فەرمانرەوایی وولات، رێکخستنی دەستوری، دابەشبونی پارتەکان بەسەر قۆتابخانە فەلسەفیە جیاوازەکان لەنمونەی مارکسی، لیبرالی، ئاینی، ... هتد. [٤].

دوای روونکردنەوەی ماناو ناوەرۆکی زاراوەی پارتی سیاسی، بۆچونی ئێمە ئەوەیە دەکرێت پارتی سیاسی پێناسە بکرێت بەوەی کە بریتیە لە: کۆمەڵە هاوڵاتیەکی رێکخراو بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر ئاستی وڵات لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکیان لەگەیەشتنو مانەوەیان لەدەسەلاّت بەرێگایەکی دیموکراسی رەوا لەپێناو جێبەجێکردنی پرۆژەو پرەنسیپە بنچینەیەکانی خۆی.

## بەشی دووەم: رەگەزەکانی پارتی سیاسی

لەو پێناسەیەی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی گشتی پارتی سیاسی پێك دێت لەم رەگەزانەی خوارەوە:

### ١- رێکخستن

رێکخستن یەکێکە لە رەگەزە پێکهێنەرە گرنگەکانی پارتی سیاسی، پێویستە پارت رێکخستنێکی رێکخراوی بەهێزی هەبێت لەسەرئاستی وڵات، کە بەهەموو هەرێم و ناوچە جوگرافیەکانی وڵات بڵاوبێتەوەو پەیوەندیەکی رێکخراوەیی تۆکمە دروست بکات لەنێوان سەرکردایەتی پارت و رێکخستنە لاوەکیەکان لەسەرانسەری وڵاتدا.

پێویستە ئاماژە بکەین بە هەڵوێستی یاسای پارت و رێکخستنە سیاسیەکانی عیراق لەبارەی دیاریکردنی سنور و هەرێم و ناوچەجوگرافیەکان کە جێبەجێکردنی یاساکە دەیانگرێتەوە، و تیایدا هاتوە، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت لەسەر پارت و رێکخستنە سیاسیەکان لە عیراقدا[٥]: لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە یاساکە پێوەری سنوری جوگرافی دەوڵەتی عیراقی لەرووی شوێنەوە دیاریکردوە بە هەرێمی جێبەجێکردنی حوکمەکانی، واتا یاساکە جێبەجێ دەکرێت لەسەر هەموو ئەو پارت و رێکخستنە سیاسیانەی لەناو چوارچێوەی سنوری جوگرافی دەوڵەتی عیراق کارو چالاکی ئەنجام دەدەن، بەپێچەوانەوە جێبەجێ ناکرێت لەسەر دەرەوەی

---

(٤) نمونەی ئەو نوسەرانەی پێناسەی پارتی سیاسیان کردوە: جیۆڤانی سارتۆری، رۆبرت ماکیڤر، ئۆستن رینێ، اندری هۆریۆ، جەیمس مادیسۆن، جۆرج بیردۆ، هانس کلسن، تۆماس بێرگ، کۆنستانت بینجامین، فرید ریدجرز، سیجموند نیومان، ادمۆن بێرگ، لیتەر، سۆرانف، ... ئێمە لەبەر زۆری و جیاوازی پێناسەکان لەیەکتری بەپێویستی دەزانین تەنها ئاماژە بەناوی نوسەران بکەین، بۆ زانیاری زیاتر بروانە: د. ولید بیطار، مدخل الى علم السياسة، الجء الثاني، المؤسسة الحديثة للكتاب، لبنان، الطبعة الأولى، ٢٠١٤، ل١١٣٢ و د. رێبوار کریم محمود، پارتە سیاسیەکان و رای گشتی، مەکتەبی بیروهۆشیاری ی ن ك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٩ و بەهادین احمد محمد، پارتە رامیاریەکان، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٠، و مولود مراد محی الدين، نظام الحزب الواحد واثره على الحقوق السياسية للمواطن، دراسة قانونية تحليلية، الطبعة الأولى، مطبعة سيما، السليمانية، ٢٠٠٧، ل٢٢ و د. سعاد الشرقاوي، الأحزاب السياسية، منشورات جامعة القاهرة، العدد ٦٤، ل ١٥و Hibbs, Douglas A. "Political parties and macroeconomic policy." American political science review ٧١, no. ٠٤ (١٩٧٧): ١٤٦٧-١٤٨٧

(٥) مادە ١، یاسای پارتە سیاسیەکان لەعیراقدا ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥، بڵاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقيە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

سنوری جوگرافی دەوڵەتی عیراق، لیرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە یاسای پارت و رێکخستنە سیاسیەکان لەعیراقدا ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥ جەختی کردۆتەوە لە پیادەکردنی پرەنسیپی جوگرافی و هەرێمایەتی لە جێبەجێکردنی مادەو برگەکانیدا، گرنگە ئەو تێبینیە بنوسین کە: یاسای پارتە سیاسیەکان لەعیراقدا ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥ لەهەرێمی کوردستان- عیراق جێبەجێ ناکرێت و حوکمەکانی لەهەرێمدا پیادە ناکرێت و کاری پێ ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەرووی دەستوریەوە هەرێم بەشێکە لە دەوڵەتی عیراق، هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ پیادەکردنی یاسایەکی تایبەت بە پارتە سیاسیەکان لەهەرێمدا بەناوی یاسای پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٧ ی ساڵی ١٩٩٣ کە کارپێکراوەو پشتی بەستوە بە حوکمی مادەکانی دەستوری ئێستای عیراق کە تیایدا هاتوە ( ئەو یاسایانەی لەساڵی ١٩٩٢ بەولاوە لەهەرێمی کوردستان دانراون کاریان پێدەکرێت و هەموو بریارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- بەبر یارەکانی دادگاو گرێبەستەکانیشەوە – کاریان پێدەکرێت مەگەر هەموار کرابێت یان هەڵوەشابێتەوە بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە بەمەرجێك لەگەڵ دەستوردا ناکۆك نەبن) [٦]، لەسەر ئەو بنچینەیە باشتر بوو کە یاسادانەری عیراقی لە یاسای پارت و رێکخستنە سیاسیەکان لەعیراقدا ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥دا بەروون و ئاشکرایی ئاماژەی کردبا بەوەی کەهەرێمی کوردستان بەدەرە لە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

یەکێکیتر لە تایبەتمەندیەکانی رێکخستنی پارتی سیاسی ئەوەیە کە دەبێت جیاکەرەوەی بەردەوامێتی و هەمیشەیی بوونی هەبێت، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە بنەماو بنچینەی دامەزراندنی پارتەکە بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو یان رووداوێکی سیاسی دیاریکراو و کاتی نەبێت، کە بەکۆتایی هاتنی روداوەکە یان کاتە دیاریکراوەکە پارتەکەش کۆتایی پێبێت.[٧]. لەبارەی رەگەزی رێکخستنەوە، یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ لەپێناسەکردنی پارتی سیاسیدا رێکخستنی وەك یەکێك لەپێکهێنەرەکانی پارتی سیاسی ناساندووە و تیایدا هاتووە پارتی سیاسی بریتیە لە کۆمەڵە هاوڵاتیەکی رێکخراو ... هتد. [٨].

## ٢- بەرنامە و ئایدۆلۆژیا

پارتی سیاسی بەرنامەو ئایدۆلۆژیای تایبەت بەخۆی دادەنێت، و رەنگدانەوەی بۆچوونی هاوبەشی سەرکردایەتی و ئەندام و لایەنگرانی پارتەکەیە، و وێنەیەکی گشتگیری هاوبەش لەکایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئایدۆلۆژی لەناو کۆمەڵگادا دروست دەکات و هەمیشەشە پارتەکە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات، پارت ناتوانێت متمانەو دەنگی هاوڵاتیان بەدەست بهێنێت ئەگەر خاوەنی بەرنامەیەکی دیارو ئاشکرا نەبێت کە جێی

---

[٦] مادە ١٤١، دەستوری عیراق ساڵی ٢٠٠٥، لەزنجیرە بلاوکراوەکانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٠٦.

[٧] د. عصام الدبس، النظم السياسية، الكتاب الأول، أسس التنظيم السياسي، الطبعة الأولى، دار الثقافة، ٢٠١٠، ل٣١٤ و د. نصر محمد علي الحسيني، النظام الحزبي واثره في اداء النظام السياسي للولايات المتحدة الأميركية، اطروحة الدكتوراه، كلية العلوم السياسية، جامعة نهرين، ٢٠١٣، ل١٣-١٥، بلاوکراوەتەوە لەپێگەی ئەلکترۆنی www. Ihec.iq رێکەوتی ٢٠١٦/٧/٢. و Main, Jackson Turner. Political Parties before the Constitution. UNC Press Books, ٢٠١٤

[٨] مادە ٢ یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بلاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقيه) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

متمانەو ڕەزامەندی گەل بێت و ببێتە بنچینەی بەدەست هێنانی دەنگی دەنگدەران.[٩]. یاسای پارت و ڕێکخستنە سیاسیەکان لەعیراقدا ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥ ئاماژەی کردووە بەرەگەزی بەرنامەو پرەنسیپی هاوبەش وەك پێکهێنەری پارتی سیاسی و لەپێناسەکردنی پارتی سیاسیدا هاتوە ( پارتی سیاسی بریتیە لە کۆمەڵێك هاوڵاتی ڕێکخراو لەسەر بنەمای پرەنسیپ و بۆچوون و ئامانجی هاوبەش[١٠]

## ٣- ئامانج

مەبەست لەم رەگەزەی پارتی سیاسی ئەو ئامانجەیە کە هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، ئەویش بریتیە لەگەیشتن بەدەسەڵات و پارێزگاریکردن لە مانەوەی لەدەسەڵات، وەرگرتنی دەسەڵات ئامانجی سەرەکی پارتی سیاسیە – ئاشکرا بێت یان شاراوە- و هەموو چالاکی و کارەکانی پارت و سەرجەم ئەندامەکانی لەم پێناوەدایە، بەتەنها بێت یان بە دروستکردنی هاوپەیمانێتی، ئەم رەگەزەش جیاکەرەوەیەکی سەرەکی پارتی سیاسیە لەکۆمەڵەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی تر، بەجۆرێك کاتێك پارتی سیاسی دەستبەرداری ئەم ئامانجەی بو، لەوکاتەدا – لەرووی کرداریەوە- ناسنامەی خۆی وەك پارتێکی سیاسی لەدەست دەدات[١١]. لەم رەگەزەشدا، بەهەمان شێوەی پێشو یاسای پارتە سیاسیەکان لەعیراقدا ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥ گەیشتن بەدەسەڵاتی وەك رەگەزێکی بنچینەیی پارتی سیاسی دیاریکردووە[١٢]. لەئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت یاسادانەری عیراقی لە یاسای پارت و ڕێکخستنە سیاسیەکان لەعیراقدا ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥ هاورایە لەگەڵ پسپۆرەکانی بواری یاسای دەستوری و سیستەمە سیاسیەکان، چونکە جەختی کردوەتەوە لەسەر رەگەزە سەرەکیە ناسراوەکان و دانپێدانراوەکانی پارتی سیاسی، کە بریتین لە ڕێکخستن، بەرنامەو ئایدۆلۆژیا، ئامانجی گەیشتن بەدەسەڵات بەرێگەی دیموکراسی.

## تەوەری دووەم: جۆرەکانی پارتی سیاسی و تایبەتمەندیەکانی

### بەشی یەکەم: جۆرەکانی پارتی سیاسی

بیروباوەر و تێروانینە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان هۆکاری کاریگەرن لەدروستبونی پارتە سیاسیەکاندا، لەشێوەی گۆرانکاری لەفۆرمە کۆنەکەی بێت بۆ فۆرمێکی نوێ، یان لەبنچینەدا دروستکردنی فۆرمێکی نوێی پارتی سیاسی، فرەیی و دابەشبوونی کۆمەڵگا رەنگیداوەتەوە لەسەر فرەیی و دابەشبونی پارتە سیاسیەکان، چونکە هەریەکێکیان ئامرازی دەربرینی ویست و پرۆژەی چینێکی دیاریکراوە، بەڵام هەنگاو هەنگاو هەوڵی

---

[٩] د ولید بیطار، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣٠ و Main, Jackson Turner. Political Parties before the Constitution. UNC Press Books, ٢٠١٤

[١٠] مادە ٢، برگەی ١، یاسای پارتە سیاسیەکان لەعیراقدا ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

[١١] مولود مراد محی الدین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣ ومفهوم ونشاة الأحزاب السیاسیة، بڵاوکراوەتەوە لەپێگەی ئەلکترۆنی www.thesis.univ-biskra.dz رێکەوتی ٢٠١٦/٦/٣٠

[١٢] مادە ٢، برگەی ١، یاسای پارتە سیاسیەکان لەعیراقدا ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

گشتگیر بوون دەدات، بەتایبەتی دوای تێپەراندن و کۆتایی هاتنی ناکۆکیەکان(١٣) زانایان و پسپۆرانی بواری یاسای دەستوری و زانستە سیاسیەکان کۆك و هاورا نین لەدانانی یەك پێوەری سەرەکی هاوبەش بۆ دابەشکردن و دیاریکردنی جۆرەکانی پارتی سیاسی، بەڵکو فرەپێوەری بنچینەی دابەشکردنیانە، بەهۆی جیاوازی لە، بۆچوونی نوسەران، شێوازی رێکخستنی سیستەمی دەستوری و سیاسی ...هتد. کەواتە پرۆسەی دابەشکردن و دیاریکردنی جۆرەکانی پارتی سیاسی کارێکی ئەستەم و ئاڵۆزە، بەهۆی یەکانگیری و پەیوەست بونیان لەگەڵ یەکتریدا، لەسەر هەموو ئاستەکانی پێکهاتە، رێکخستن، بیروباوەرو بەرنامە، ئامانج، کات، ناو و ناوەرۆك، هەموو ئەمانە ئاڵۆزیان دروستکردوە لەدیاریکردنی جۆرەکانی.

بەشێوەیەکی گشتی، گرنگترین جۆرەکانی پارتی سیاسی ئەمانەن:

## یەکەم: پارتی جەماوەری و پارتی کادیری بژاردە

### ١- پارت سیاسی جەماوەری

بنچینەیان دەگەرێتەوە بۆ بیروباوەری سۆسیالیستی، دواتریش لە نمونەی پارتی شیوعی و فاشی رەنگیدایەوە، جگە لەمەش هەندێك لەپارتە کۆنەپارێزو لیبراڵەکانیش ئەم فۆرمەیان پیادەکرد بەتایبەتیش لەقۆناغی جێهێشتنی پارتی کادریری بژاردە بەرەو پارتی جەماوەری، بەڵام سەرکەوتو نەبون لەوەرگرتنی ئەو فۆرمە، لەکاتێکدا پارتە مەسیحیە دیموکراسیەکان تائاستێکی زۆر توانییان سود لەو مۆدێلە وەرگرن و پیادەی بکەن[١٤]

### ١- پارتی کادیری بژاردە

ئەم جۆرەیان پشت دەبەستێت بەرەگەزی چۆنایەتی لەبری چەندایەتی کادیرەکانی، هەمیشە بەدوای راکێشانی کەسانی ناسراو و دیارن لەرووی معنوی و مادیەوە، بەمەبەستی بەکارهێنانیان لەپرۆسەی هەڵبژاردندا. پێکهاتەی ئەم جۆرەیان دەگونجێت لەگەڵ دەوڵەتی لیبرالیی و چینی بۆرجوازەکان، هەروها لەپارتی پارێزگارانیش چینی ارستوکراتەکان لەسیستەمی حوکمرانی کلاسیکی انکلترا. دواتریش فۆرمێکی نوێتری وەرگرت بەتایبەتی لە ئەمریکا بەهۆی تایبەتمەندی ئەو ولاتە لەسروشتی پرۆسەو سیستەمی هەڵبژاردن کە بریتیە لەپیادەکردنی هەڵبژاردنی سەرەتایی، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ شکاندنی فۆرمە کلاسیکیەکەی پێشوی کە بریتی بوو لە گرنگیدان بەکەسانی دیارو ناسراو[١٥]

---

(١٣) د. ولید بیطار، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣٤.و Michels, Robert. Political parties: A sociological study of the oligarchical tendencies of modern democracy. Hearst's International Library Company, ١٩١٥

(١٤) موریس دوفرجیە، المؤسسات السیاسیة والقانون الدستوري، الأنظمة السیاسیة الکبری، ترجمة: د. جورج سعد، الطبعة الأولی، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر، بیروت، ١٩٩٢، ل٧٧و Michels, Robert. Political parties: A sociological study of the oligarchical tendencies of modern democracy. Hearst's International Library Company, ١٩١٥

(١٥) موریس دوفرجیە، هەمان سەرچاوە، ل٧٢.

**دووەم: پارتی زۆرینە، پارتی گەورە، پارتی بچووك**

پارتی زۆرینە ئەو پارتەیە کەخاوەنی زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی ولاتەکەیەتی، خۆی دەسەلاتی یەکلاکەرەوەی سەرجەم بڕیارەکانی هەیە لەپەرلەمانداو خاوەنداریتی دەکات، بەلام پارتی گەورە ناتوانێت زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی پەرلەمان مسۆگەر بکات تەنها لەرێگەی هاوپەیمانێتی پارتەکانی ترەوە نەبێت، هەروەها پارتی بچوك ئەو پارتانەن کەناتوانن رۆلی سەرەکی بگێرن لەگۆرەپانی سیاسی ولات، تەنها رۆلی لاوەکییان دەبێت بۆ تەواوکردنی پرۆژەی پارتە گەورەکان، یاخود وەك ئۆپۆزسیۆن کاردەکەن [١٦].

**سێیەم: پارتی ڕاستەوخۆ پارتی ناڕاستەوخۆ**

پارتی ڕاستەوخۆ بەبنچینەی دروستبوونی پارتی سیاسی دادەنرێت، ئەندام بوون بەشێوەی ڕاستەوخۆو لەرێگەی فۆرمی فەرمیەوە دەبێت لەنێوان ئەندامان و پارتەکە، پابەند بون بەرێکخستن و کۆبونەوە بەردەوامەکان و ئەرك و بڕیارەکانی پارتەکە. بەلام لە پارتە ناڕاستەوخۆکان ئەندامێتی بەشێوەی ڕاستەوخۆ نیە، بەلکو لەرێگەی سەندیکاو کۆمەلەکان دەبێت کەپشتیوان و هاورای پارتەکەن و ئەندام نین، بەلکو پشتیوان و لایەنگرن، سەرەتا لەشێوەی کۆمەلەو گروپ دروست دەبن و دواتر یەکدەگرن و رێکخستنێکی تایبەت بەخۆیان دروست دەکەن و بەشداری پرۆسەی سیاسی و هەلبژاردن دەبن[١٧]. سەرباری ئەو دابەشکردنەی کە ئاماژەمان بۆکرد، پۆلێنکردنی تریش هەیە بۆ دابەشکردنی پارتەکان، بەپێوەری کراوەیی و داخراوی یاخود نەرمی و توندی لەوەرگرتنی ئەندامان لەرێکخستنەکانیدا، لەرووی ئایدۆبۆژیا وەکو پارتی سکۆلاریست و پارتی ئاینی لەنمونەی مەسیحی، اسلامی، یان بەپێوەری نوێنەرایەتی چین و توێژەکان وەکو پارتی کرێکاران، جوتیاران، شۆرشگێران ... هتد.

لەراستیدا، هەموو ئەو پۆلێنکردنانە، بەدوور نین لە رەخنەی پسپۆران ئەگەرچی زۆرینەشیان لەخۆگرتوە، بۆچونی ئێمەش ئەوەیە کە پێوەری ئایدۆلۆژیاو پرۆژەی سیاسی کاریگەرترین پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی پارتەکان لەیەکتری و پۆلێن کردنیان.

**بەشی دووەم: تایبە تمەندی ( جیاکەرەوەکانی ) پارتی سیاسی**

دوای ئاماژەکردن بە ناو و پێناسەو جۆرەکانی پارتی سیاسی، بۆمان روون دەبێتەوە چەند تایبەتمەندیەك هەیە پارتی سیاسی پێ دەناسرێتەوەو جیادەکرێتەوە لە گروپ و کۆمەلەکانی تر، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- پارتی سیاسی لەگرنگترین رێکخراوەکانی کۆمەلگەی شارستانیە، لەچوارچێوەی ئایدۆلۆژیاو پرۆژەیەکی سیاسی گشتگیر و بەردەوام چەندین ئەندام و کادیر چالاکی تێدا ئەنجام دەدەن، بەجۆرێك ئەندامەکانی پارتەکە بەبۆچونەکانیان دەناسرێنەوە. بەبۆچونی ئێمە یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ سالی ٢٠١٥ کارێکی باشی کردوە کاتێك پێویستی بوونی بەرنامەو پرۆگرامی تایبەتی بۆ هەر پارتێك کردۆتە مەرجی سەرەکی،

[١٦] د. عصام الدبس، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨

[١٧] د. عصام الدبس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨

بۆئەوەی لەرێگەی بەرنامەکەیەوە بەروون و ئاشکرایی ئامانج و ئامرازەکانی پارتەکە بزانرێت(١٨)، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ جەختی کردوەتەوە لەپیادەکردنی پرنسیپ و رێکاری شارستانیەکان لەدامەزراوەی پارت و رێکخستنە سیاسیەکان لەعیراقدا، لەرێگەی رەخساندنی هەل و مافی یەکسان لەنێوان هەردوو رەگەزی نێرو مێ لە، دامەزراندنی پارت، و بوونەئەندام، وازهێنان، هەروەها رێگەنادات هیچ هاوڵاتیەك زۆری لێبکرێت ببێتە ئەندام یان بەزۆر بمێنێـەوە لەریزەکانی پارتێکی دیاریکراودا، هەروەك رێگری دەکات لەجیاکاری و لێپرسینەوەو پێشێلکردنی مافی هەرکەسێك بەهۆی لایەنگری هەر پارتێکی سیاسی دامەزراو. هەروەها یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بەشێوەیەکی فروانتر – لەرووی چەمکەوە- لەدەستوری عیراق کۆت و بەندی داناوەو رێگری کردووە لەدامەزراندن یان بوونە ئەندام لەپارتێك لەسەر بنەمای رەگەزپەرستی، تۆقاندن، توندوتیژی، دەمارگیری ئاینی، نەتەوەیی، رەگەزی (١٩). لەسەر ئەم بابەتە ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونە نین کەپێی وایە یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ لەم برگەیەدا پێچەوانەی دەستورەو- کەواتە پوچەڵە- سنوری خۆی تێپەراندوەو ئەومافەی نیە کە فراوانکای لەو چەمکانەدا بکات کەبەدیاریکراوی لەدەستوردا هاتونە (٢٠). بەپێچەوانەوە بۆچوونی ئێمە پاڵپشتیکردنە لەیاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ و پێمانوایە کارێکی باشی کردوە کاتێ فراوانکاری کردوە لەقەدەغەکردنی بابەتە خراپەکان و فروانتر شیکردنەوەو لێکدانەوەی بۆ کردوە، کۆت و بەندی پتری داناوە بۆ رێگریکردن لەدروستبونی پارتی سیاسی توندەرو و دەمارگیر، لەسەر ئەم بنچینەیە پێمان وایە یاساکە پێچەوانەی دەستور نیەو بەهایەکی دەستوری تەواوی هەیە، بەلام ووردتر لەدەستور چەمکەکانی لێکداوەتەوە، ئەم کارەش بە سەرەکیترین ئەرك و بەکرۆکی تایبەتمەندی دەسەلاتی یاسادانان دادەنرێت، ئەمە جگە لەوەی کەدەستور خۆی رێگەیداوە کەیاسا تایبەتمەندە بە وردەکاریەکان و نەبۆتە هۆی کەمکردنەوە و سنوردارکردنی مافو ئازادیەکان کەلەدەستوردا جێگیرکرابێت، تەنها رێکاری توندتری داناوە لەبەردەم دروستبونی پارتی توندرەو و دەمارگیر. بەلام هەرکاتێك یاسا پێچەوانەی دەستور بو ئەوکاتە یاساکە بەپوچەڵ دادەنرێت (٢١) ئەمەش لەیەکێك لەبرگەکانی یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ دەبینرێت کاتی یاسادانەر بچوکتر لەمەبەستی دەستور شیکردنەوەی کردوە بۆ چەمکی (پارتی بعپی صدامی) و سنوری خۆی بەزاندوە، لەسەر ئەم بنچینەیە ئێمەش پێمان وایە چەمکە دەستوریەکە کەبریتیە لە (البعب الصدامی) گشتگیرترە لەچەمکە یاسایەکە کەبرتیە لە (پارتی بعپی هەڵوەشاوە)، دەستور فروانتر چەمکەکەی بەکارهێناوە و

---

(١٨) مادە ١، ٢، ٣، ٤ یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بلاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

(١٩) مادە ٥ برگە ٢ یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بلاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢. مادە ٧ دەستوری عیراق ساڵی ٢٠٠٥ لەزنجیرە بلاوکراوەکانی لیژنەی یاسایی پەرلـەمانی کوردستان ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٠٦.

(٢٠) د. مصدق عادل طالب، شرح قانون الأحزاب السیاسیة رقم ٣٦ لسنة ٢٠١٥، دار السنهوري، بیروت، ٢٠١٦، ل٦٠. و Fitzmaurice, John. Western European political parties: A comprehensive guide. Longman Publishing Group, ١٩٨٩

(٢١) مادە ١٣ دەستوری عیراق ساڵی ٢٠٠٥. لەزنجیرە بلاوکراوەکانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٠٦.

تیایدا سەرجەم قەوارەو پەیرەوە دکتاتوری و ستەمکاری وبعپیەکان دەگرێتەوە بە چەمکەکەی یاساکەشەوە، لەکاتێکدا چەمکە یاسایەکە تەنها مەبەستی پارتی بعپی هەڵوەشاوەیە. کەواتە ئەم برگەیەی یاساکە پێچەوانەی دەستورەو پوچەڵە لەسەر ئەم بنچینەیەش پێشنیاز دەکەین هەمواری یاساکە بکرێت بەخستنەسەری چەمکی (البعپ الصدامی) بۆسەر برگەی ٣ لەمادە ٥ی یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥.

٢- پارتی سیاسی پێکهاتەیەکی تایبەت بەرێکخستنەکانی هەیە و بەشێوەی هەرەم دروست دەبێت و بەگوێرەی دەستورەکەی یان پەیرەو پرۆگرامی ناوخۆی ئەرك و مافی هەمویان دیاریدەکرێت. لەم بابەتەدا بۆچونی ئێمە ئەرێنیە لەسەر هەڵوێستی یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ چونکە جەختی کردوەتەوە لەسەر پرەنسیپی هاوڵاتیبون لەدامەزراندن و چونەپاڵ پارتەسیاسیەکان ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ پێوەرە دیموکراسی و نێودەوڵەتیەکان لەرێزگرتن لەماف و ئازادیەکانی مرۆڤ، بەجۆرێك هەموو هاوڵاتیەك ئازادە لە بونەئەندام لەهەر پارتێکی سیاسی[٢٢].

لەچوارچێوەی پارتی سیاسیدا ژینگەیەکی سیاسی تایبەت بەئەندامانی دروست دەبێت، و هەموو ئەندامەکانی لەسەرکردایەتیەوە تاکو خوارەوە پابەندن و کاریگەرن بەبریارەکانی پارتەکە، لەکاتێکدا هاوڵاتیان لەدەرەوەی پارتەکە هیچ کاریگەریان ناچێتەر سەر، بەڵام هەر کاتێك پارتەکە یان پرۆژە سیاسیەکەی بوو بە بەشێك لە پرۆژەی گشتی بەرێوەبردنی دەوڵەت، ئەوکاتە راستەوخۆ کاریگەری پارتەکە لەسەر ژیانی سەرجەم هاوڵاتیان دەردەکەوێت. یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ پێویستی کردوە لەسەر پارتەکان کەدەبێت لەسەر هەردوو ئاستی دەرەوەو ناوخۆی پارتەکە پرەنسیپ و رێکارە دیموکراسیەکان پیادەبکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان[٢٣]، بەپێچەوانەوە رێگەنادرێت بەوەرگرتنی پۆستەباڵاکانی ناو پارتەکە وەربگیرێن لەرێگەی بۆمانەوەی پشتاوپشت یان دیاریکردن و دامەزراندنەوە چونکە رێکاری نادیموکراسین.

٣- پارتی سیاسی بەردەوام و هەمیشە هەوڵی گەیشتن یان مانەوەی لە دەسەڵات دەدات، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش پەنا دەباتە بەر ئامرازی جیاواز کە بەگوێرەی کۆمەڵگاکان دەگۆرێن، ئامرازەکە دیموکراسی بێت یان ئۆتۆکراسی جۆری سیستەمە سیاسیەکە دیاری دەکات. بەبۆچونی ئێمە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا رێگری بکرێت لەهەر هەوڵێکی نادیموکراسی بۆ گەیەشتن بەدەسەڵات پێویستە لەدەستوری وڵاتدا دەقنوس کرابێت تاکە رێگەی وەرگرتنی دەسەڵات بریتیە لە ویستومتمانەی گەل لەرێگەی هەڵبژاردنەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەری گرتنەبەری رێگەی نادیموکراسی دێتەئاراوەو ئەو پارتەی لەرێگەی توندوتیژی و کودەتاوە دەسەڵات وەردەگرێت دواتر فەرمانرەوایەتیەکی ستەمکاری تۆتالیتاری دەسەپێنێت بەسەر وڵاتداو لەئەنجامیشدا پێشێلکاری گەورەو ترسناك لەسەر ماف و ئازادیەکانی تاکەکان دروست دەکات.

بەبۆچونی ئێمە یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بەدروستی ئەم بابەتەی رێکخستوە چونکە جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستی پابەندبوون بەپرەنسیپی رەوایەتی دەستور، واتا نابێت پرۆژەو ئامانج

---

[٢٢] مادە ٤ یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بلاْوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

[٢٣] مادە ٦ یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بلاْوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

و چالاکیەکانی پارتەکان پێچەوانەی بنەماکانی دەستور بێت، هەروەك نابێت دامەزراندنی پارتەکان وچالاکیەکانیان شێوەی رێکخستنی سەربازی یان نیمچە سەربازی وەرگرێت و نابێ پەیوەنیشی هەبێت بەهیچ هێزێکی سەربازیەوە، هەروەك رێگری کردوە لەوەی کەنابێت لەنێو دامەزرێنەرو سەرکردەو ئەندامانی پارتی سیاسیدا هیچ کەسێك هەبێت کەبانگەشەی ئاشکرای کردبێت بۆ ئەو بیروبۆچونانەی پێچەوانەی دەستورن.[٢٤]

ئێمە بەپێویستی دەزانین سەرنجێك تۆمار بکەین دەربارەی کەم و کوریەك لەیاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥، ئەویش بریتیە لەنەبونی دەقێك لەیاساکە کە رێگری بکات لەبەکارهێنانی ناو و نازناو هێماو سمبولە ئاینیەکان لەبەکارهێنانیان لەناو ئاڵاو لۆگۆی پارتەکان و بەکارهێنانیان لەپرۆسەی کێبەرکێی و بانگەشەی هەڵبژاردندا، لەکاتێکدا ئەم بارودۆخە بەئاستێکی زۆر لەپۆرسەکانی هەڵبژارندا دەبینرێت، کە جگە لەراکێشانی هەست و سۆزی دەنگدەران بەشێوازێکی نادروست، لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆکاری تۆخکردنەوەی جیاوازیە نادروستەکان و برەودان بە بیری توندوتیژی و دەمارگیری. لەسەر ئەم بنچینەیە پێشنیاز دەکەین کە یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ هەموار بکرێت و برگەیەك بخرێتە سەر مادەی ٧ی یاساکە کە تیایدا هاتبێ : رێگەنادرێت بەبەکارهێنانی ناو، هێما، سمبولە ئاینیەکان لەناو ئاڵاو لۆگۆو ... پارتەکان وسەرجەم چالاکیەکانی پارتە سیاسیەکان بەتایبەتی لەبواری کێبرکێ لەبەرامبەر رکابەرەکانیدا.

## تەوەری سێییەم: ئەرك و مافەکانی پارتە سیاسیەکان

ئەرکەکانی پارتی سیاسی جیاوازو زۆرن، بەهۆی جیاوازی لەژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و کلتوری پارتەسیاسیەکان، جگە لەهۆکارە پەیوەستەکان بەپارتەکان خۆیانەوە لەرووی پێکهاتەو ئاست و قەبارەو چۆنیەتی نوێنەرایەتیکردن و بیروباوەر و ئایدۆلۆژیاو پرۆژەی سیاسی. بەشێوەیەکی گشتی پارتی سیاسی لەیەك کاتدا دوو رۆڵی سەرەکی لەسەر دوو ئاستی جیاوازدا دەگێرێت، لەبواری نوێنەرایەتیکردنی سیاسیدا ئەوانیش ئاستی دەنگدەران، هەروەها ئاستی نوێنەران، واتە جۆرێك رۆڵی لەناوبژیوانی هەیە لەنێوان نوێنەران و دەنگدەران[٢٥].

پارتی سیاسی رۆڵێکی کاریگەرو بەهێزی هەیە لە گۆرینی دابەشبونە سروشتیەکانی کۆمەڵگا بۆ دابەشبونێکی سیاسی رێکخراو، چونکە ژیانی سیاسی کۆمەڵگە پریەتی لەتێروانین وبەرژەوەندی ناکۆك بەیەکتری، هەموو ئەمانە بەبزوێنەری چالاکی سیاسی ئەژمار دەکرێن و لەلایەن پارتی سیاسیەوە ئاراستە دەکرێن. پارتی سیاسی ئامرازێکی کاریگەرە بۆ رێکخستن و بەسیستەمکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، هەندێکیشیان شوێن و پەناگەی بەهاو بیرە بەرزەکانن[٢٦]

---

[٢٤] مادە ٨، برگەی ١،٢،٣،٤ یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

[٢٥] موریس دوفرجیە، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥ و د. أسامة الغزالي حرب، الأحزاب السياسية في العالم الثالث، عالم المعرفة، ١٩٧٨، ل١٧

[٢٦] هەروەها بۆچونی زۆر هەیە کەدژایەتی بوونی پارتی سیاسی دەکەن لەکۆمەڵگاداو پێیان وایە کە بونی پارتی سیاسی زیانەکانی زیاترە لە سودەکانی. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە بروانە: فيليب برو، علم الإجتماع السياسي، ترجمة د. محمد عرب صاصيلا، الطبعة الثالثة، ٢٠١٤، ل٣٧٥، د. وليد بيطار، سەرچاوەی پێشوو، ص١١٢٣ .

**بەشی یەکەم: ئەرکەکانی پارتی سیاسی**

بۆ بەدیهێنانی ئەو رۆڵە گرنگەی کە پارتی سیاسی هەیەتی، چەندین ئەرك ئەنجام دەدات، لەگرنگترینیان ئەمانەن:

**١- دروستکردنی رای گشتی**

پارتی سیاسی کاریگەرە لەدروستکردنی رای گشتی، لەرێگەی گەیاندنی پرۆژەی سیاسی بەدەنگدەران و هاولاّتیانو راکێشانی پاڵپشتی و دەنگەکانیان لەبەرژەوەندی خۆی، لەرێگەی ووشیارکردنەوەو ئاراستەکردنیان دەربارەی کێشەسیاسیەکان و پێشنیاز کردنی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان(٢٧)

**٢- بەشداریکردن و چالاك کردنی ژیانی سایسی**

بەشداریکردنی سیاسی یەکێك لەگرنگترین ئەرکە گرنگەکانی پارتی سیاسیە، لەرێگەی رەخساندنی بوار و هەلی گونجاو بۆ هاولاّتیان لەبەشداریکردنیان لەکاروباری سیاسیدا، لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمی و ناوچەیی و ئاستی نیشتمانیش، بەم شێوەیەش پارتی سیاسی وەك گەیەنەرێك رۆڵ دەبینێت لەنێوان هاولاّتیان و دەسەلاّتداران و هەروەها هۆکارێکە بۆ بەشداری پێکردنیان لە پرۆسەی دەسەلاّتدا لەرێگەی هەڵبژاردن و دەنگدانەوە(٢٨)

**٣- دروستکردن و ئامادەکردنی کادیری سیاسی و دیاریکردنی کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردن.**

پارتی سیاسی بەردەوام کاردەکات بۆ بەهێزکردنی کادیرەکانی و راهێنانیان لەسەر شێوازی رەفتاری سیاسی و هەڵسوکەوتی گونجاو لەگەڵ کێشەکانو هاوخەمی هاولاّتیان لەبەرەنگاربونەوەی گرفتەکانو چارەسەرکردنیان. هەروەها لەرێگەی پەیرەوی ناوخۆیەوە کاندیدەکانی بۆ هەڵبژاردن دیاری دەکات(٢٩).

**٤- بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی**

بەهۆی سەرکردیەتیکردنی نارەزایی هاولاّتیان بەشێوەیەکی رێکخراو دروستکردنی رای گشتی و جلّەوکردنی نائارامی و هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکان، پارتی بەشدارێکی کاریگەردەبێت لەبەدیهێنانی سەقامگیری و چارەسەری کێشەگشتیەکانی هاولاّتیان بەرێگای ئاشتی و رێگرتن لەتەقینەوەی تورەیی خەڵك لەبەرامبەر دەسەلاّت، بەوپێیەی پارتی سیاسی وەك نێوەندێکی گەیاندنی داواکاری هاولاّتیانە بۆ دەسەلاّتداران. یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ پێویستی کردوە لەسەرپارتی سیاسی پابەندبێت بەپرەنسیپی فرەپارتی و فرەیی سیاسیو دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەلاّت ، پێشێل نەکردنی سەروەری و

(٢٧) د. حسان محمد شفيق العاني، الأنظمة السياسية والدستورية المقارنة، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٦، ٢٥٦ و Van Biezen, Ingrid. "Constitutionalizing party democracy: the constitutive codification of political parties in post-war Europe." British journal of political science ٤٢, no. ٠١ (٢٠١٢): ١٨٧-٢١٢

(٢٨) د. عدنان عبدالله رشيد و د خامۆش عمر عبدالله، بنەماکانی سیستەمە سیاسیەکان، چاپی یەکەم، خانەی اربیل، ٢٠١، ل٣١٣، و فضلون امال، استخدام الأحزاب السياسية للصحافة في التأثير على الرأي العام، رسالة ماجستير، جامعة باجي مختار، عنابة، ل٧٨و Van Biezen, Ingrid. "Constitutionalizing party democracy: the constitutive codification of political parties in post-war Europe." British journal of political science ٤٢, no. ٠١ (٢٠١٢): ١٨٧-٢١٢

(٢٩) د. محمد كاظم المشهداني، النظم السياسية، دار الحكمة، موصل، ٢٠٠٨، ل٢٢٦و موريس دوفرجيه، ل٧٥ ود. نوري لطيف، القانون الدستوري والنظام الدستوري في العراق، الطبعة الثانية، مطبعة علاء، ١٩٧٩، ل٩٥

ئاسایش ە یەكێتی خاكی ولات، پیادەكردنی پرەنسیپی یەكسانی لەنێوان هەموو هاولاتیاندا لەوەرگتنی بەرپرسیارێتی و بەشداریكردن تیایدا، پاراستن و رێزگرتن لەبێلایەنی دامەزراوە گشتیەكانی دەولەت و بەكارنەهێنانیان بۆ دەستكەوتی تایبەتی پارتەكە، خاوندارێتی نەكردن و گل نەدانەوەی چەك بەپێچەوانەی یاسا(٣٠)

٥- **پاراستن و رێزگرتنی رەوایەتی دەستوری**

گرنگ و پێویستە پارتی سیاسی پابەند بێت بەوچوارچێوە دەستوریەی بۆی دیاریكراوە لەئەنجامدانی چالاكیە سیاسیەكان بەگوێرەی رەوایەتی دەستور، وەك پایەیەكی كۆمەلگا دیموكراسیەكان كە تیایدا پارتە سیاسیەكان پابەندن بە رەوایەتی ئەركەكانیان بەپێی هێزی دەستور، دەسەلات بەهەلبژاردن وەردەگیرێت و گەلیش سەرچاوەكەیەتی، كەواتە زۆرینە دەسەلات وەردەگرێت و كەمینەش دەبێتە ئۆپۆزسیۆن، ئەمەش پێی دەكوترێت پرەنسیپی دەستاودەستكردنی ئاشتیانەی دەسەلات. لەم بارەیەوە یاسای پارتە سیاسیەكانی عیراق ژمارە ٣٦ سالی ٢٠١٥ جەختی كردوەتەوە لەسەر ئەم ئەركە گرنگەی پارتی سیاسی كەپێویستی كردوە لەسەری پابەندبێت بەحوكمەكانی دەستورو رێزگرتنی سەروەری یاساو دەستاودەستكردنی ئاشتیانەی دەسەلات(٣١).

بەبۆچونی ئێمە یاسای پارتە سیاسیەكانی عیراق ژمارە ٣٦ سالی ٢٠١٥ كارێكە باشی كردوە كەپێویستی كردوە لەسەر پارتی سیاسی دووربكەوێتەوەو رێگری بكات لە: بەستنی پەیوەندی رێكخراوەیی یان دارایی لەگەل هەر لایەنێكی دەرەكی، دەست وەرنەدات لەكاروباری ناوخۆی ولاتان، هاوكاری نەكردنی پارتەسیاسیە یاساغەكان، ئەنجام نەدانی كاری رێكخستن لەنێوان ریزەكانی هێزەكانی سوپاو ناوخۆو ئاسایش، دامەزراوەی دادگەری و دەستە سەربەخۆكان، دوركەوتنەوە لە بەكارهێنانی پەرستگاكان و دەزگاكانی دەولەت و خوێندن بۆ بەرژەوەندی خۆی و دژایەتی لایەنەكانی تر(٣٢) هەروەها پێویستی كردوە كە پارتی سیاسی چەندین جۆری بەلگەنامەو تۆماری گشتی لەبنكەی سەرەكی خۆی بپارێزێت كەیاساكە دیاریكردوە، وەك پەیرەوی ناوخۆ، بەرنامەی تایبەتی سیاسی پارتەكە، لیستی ناوی ئەندامان، تۆماری بریارەكانی پارتەكە، تۆماری ژمێریاری، ئەمە جگەلەوەی لەبواری درایدا یاساكە سەپاندویەتی بەسەر پارتەكاندا كەنابێت بەخشین و هاوكاری دارایی وەربگرن لەهیچ كۆمپانیایەك كە سەرمایەكەی پشكی دەولەتی تێدابێت، هەروەك یاساغی كردوە كە هیچ هاوكاری بەخشینێكی دارایی لەدەولەتە بیانیەكان وەربگرن، تەنها لەوكاتەدا نەبێت كەدامەزراوەی فەرمانگەی پارتە سیاسیەكان رەزامەندبێت، هەروەها یاساكە یاساغی كردوە پارەوداهاتی پارتەكە بەدەر لەپەیرەوی ناوخۆی خەرج بكرێت(٣٣).

(٣٠) مادە ٢٤، برگە ١، ٢، ٣، ٤،٥ یاسای پارتە سیاسیەكانی عیراق ژمارە ٣٦ سالی ٢٠١٥ بلاوكراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی كۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێكەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

(٣١) مادە ٢٤، برگە ١،٢ یاسای پارتە سیاسیەكانی عیراق ژمارە ٣٦ سالی ٢٠١٥ بلاوكراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی كۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێكەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

(٣٢) مادە ٢٥، برگە ١،٢،٣،٤،٥ یاسای پارتە سیاسیەكانی عیراق ژمارە ٣٦ سالی ٢٠١٥ بلاوكراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی كۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێكەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

(٣٣) مادە ٣٦، ٣٨، ٤٠ یاسای پارتە سیاسیەكانی عیراق ژمارە ٣٦ سالی ٢٠١٥ بلاوكراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی كۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێكەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

## بەشی دووەم: مافەكانی پارتە سیاسەكان

بەپێی ڕێکخستنی دەستوری و سیستەمی سیاسی و یاسابەرکارەکانی وڵات، پارتی سیاسی چەندین مافی هەیە، لەگرنگترینیان: لەدوای بریاری دامەزرانیەوە پارتی سیاسی کەسایەتی یاسایی تایبەت بەخۆی بەدەست دەهێنێت، لەسەر ئەم بنچینەیەش چالاکیەکانی ئەنجام دەدات و دواتریش هەڵی وەرگرتنی سەرجەم مافەکانی تری دەبێت، [٣٤]،مافی پاراستنی سەرجەم بەڵگەنامە نهێنیەکان و نوسراوەکان و بارەگاکانی هەیە نابێت بپشکێنرێت یان بلاوبکرێنەوە تەنها بەبریاری دادگا نەبێت[٣٥]. مافی هەیە بەشداری بکات لە چالاکی ژیانی سیاسی و هەڵبژاردن و کۆبونەوەو کۆنفرانس و خۆپیشاندانی ئاشتیانە بەپێی یاسا [٣٦]مافی هەیە: گۆڤارو رۆژنامە دەربکات، پێگەی ئەلکترۆنی دروست بکات، لەگەڵ بەدەست خستنی سەرجەم ئامرازەکانی پەیوەندی کردن[٣٧]،واتە مافی بەکارهێنانی راگەیاندنی بیستراو بینراو نوسراوی هەیە. هەروەها پارتەکان ئازادی یەکگرتن و بەستنی هاوپەیمانێتی سیاسیان هەیە لەنێوان یەکتریدا بەرەچاوکردنی گرتنەبەری رێکارە یاسایەکان[٣٨]،هەروەك یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ مافی داوە بەپارتەکان کە خاوەنداریێتی زەوی و خانوبەرە بکەن بۆ مەبەستی بەکارهێنانیان وەك ناوەندو بنکەی دامەزراوەکانیان[٣٩] لەرووی دارایشەوە مافی وەرگرتنی پاڵپشتی داراییان هەیە کەساڵانە لەبودجەی گشتی دەوڵەتەوە پێیان دەدرێت و لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەخرێتە سەر داهاتەکانیان [٤٠]،جگە لەهەموو ئەمانەش پارتی سیاسی مافی کۆتایی هێنان بەچالاکیەکان و هەڵوەشاندنەوەی خۆی هەیە بەپێی پەیرەو سیستمی ناوخۆی پارتەکە و لەوکاتەدا پێویستە سەرۆکی پارت یان نوێنەرە رێپێدراوەکەی فەرمانگەی پارتە سیاسیەکان ئاگاداربکاتەوە لەبریاری هەڵوەشاندنەوەی پارتەکە یان یەکگرتن لەگەڵ پارتێکی تردا. [٤١]. بەبۆچونی ئێمە، یاسای پارتە

---

[٣٤] مادە ١٨ یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بلاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

[٣٥] مادە ٢٠ یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بلاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

[٣٦] مادە ٢١ یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بلاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

[٣٧] مادە ٢٢ یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بلاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

[٣٨] مادە ٣٠، ٢٩ برگە ١،٢ یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بلاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

[٣٩] مادە ٣٤ یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بلاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

[٤٠] مادە ٤٢ یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بلاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

[٤١] مادە ٢٧ یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ بلاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەرێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ کارێکی باشی کردوە کاتێك بریاری داوە لەسەر دوورخستنەوەو بێلایەنی ڕاگەیاندنی فەرمی دەوڵەت لەنێوان پارتەکاندا، بۆ ئەوەی نەتوانن بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن

## کۆتایی

لەکۆتایی نوسینی توێژینەوەکەماندا گەیشتین بەم ئەنجام و پێشنیازانەی خوارەوە:

١- هەرچەندە لەرووی دەستوریەوە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی عیراق، بەڵام یاسای پارتە سیاسیەکان لەعیراقدا ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥، لەهەرێمی کوردستان- عیراق جێبەجێ ناکرێت، چونکە لەهەرێمدا یاسایەکی تایبەت بەخۆی هەیە بەناوی یاسای پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٧ ی ساڵی ١٩٩٣ کە کارپێکراوە پاڵپشت بە حوکمی مادە ١٤١ای دەستوری عیراق ٢٠٠٥، کەواتە باشتر بوو کە یاسادانەری عیراقی لە یاساکەی خۆیدا بەروون و ئاشکرایی ئاماژەی کردبا بەوەی کەهەرێمی کوردستان بەدەرە لە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

٢- بەبۆچونی ئێمە یاسادانەری عیراق سەرکەوتو بوە کاتێك پێویستی بوونی پرۆگرامی تایبەتی بۆ هەر پارتێك کردۆتە مەرجی سەرەکی، بۆئەوەی لەرێگەی بەرنامەکەیەوە ئاشکرایی ئامانج و ئامرازەکانی پارتەکە بزانرێت. هەروەها جەختی کردوەتەوە لەپیادەکردنی پرنسیپ و رێکاری شارستانیەکان لەدامەزراوەی پارت و رێکخستنە سیاسیەکان لەعیراقدا، لەرێگەی رەخساندنی هەل و مافی یەکسان لەنێوان هەردوو رەگەزی نێرو مێ لە، دامەزراندنی پارت، و بوونەئەندام، وازهێنان، هەروەها رێگەنادات هیچ هاوڵاتیەك زۆری لێبکرێت ببێتە ئەندام یان بەزۆر بمێنێـەوە لەریزەکانی پارتێکی دیاریکراودا، هەروەك رێگری دەکات لەجیاکاری و لێپرسینەوەو پێشێلکردنی مافی هەرکەسێك بەهۆی لایەنگری هەر پارتێکی سیاسی دامەزراو.

٣- پاڵپشتی لەیاسادانەری عیراقی دەکەین کاتێ کۆت و بەندی زۆری داناوە بۆ رێگریکردن لەدروستبونی پارتی سیاسی توندرەو، ووردتر لەدەستور چەمکەکانی لێکداوەتەوە، ئەم کارەش بە سەرەکیترین ئەرك و بەکرۆکی تایبەتمەندی دەسەڵاتی یاسادانان دادەنرێت، ئەمە جگە لەوەی کەدەستور خۆی رێگەیداوە کەیاسا تایبەتمەندە بە وردەکاریەکان، ئەم کارەش نەبۆتە هۆی کەمکردنەوە و سنوردارکردنی ئەو مافو ئازادیانەی لەدەستوردا جێگیرکراون، بەڵکو تەنها رێکاری توندتری داناوە لەبەردەم دروستبونی پارتی دەمارگیر. لەسەر ئەم بنچینەیە پێمان وایە یاساکە بەهایەکی دەستوری تەواوی هەیە.

٤- یاسادانەری عیراقی بچوکتر لەمەبەستی دەستور شیکردنەوەی کردوە بۆ چەمکی (پارتی بعثی صدامی) و سنوری خۆی بەزاندوە، بەبۆچونی ئێمە چەمکە دەستوریەکە کەبریتیە لە (البعث الصدامي) گشتگیرترە لەچەمکە یاسایەکە کەبرتیە لە (پارتی بعثی هەڵوەشاوە)، دەستور فروانتر چەمکەکەی بەکارهێناوە و تیایدا سەرجەم قەوارەو پەیرەوە دکتاتوری و ستەمکاری وبعثیە کان دەگرێتەوە بە چەمکەکەی یاساکەشەوە، لەکاتێکدا چەمکە یاسایەکە تەنها مەبەستی پارتی بعثی هەڵوەشاوەیە. کەواتە ئەم برگەیەی یاساکە پێچەوانەی دەستورەو پوچەڵە لەسەر ئەم بنچینەیەش پێشنیاز دەکەین هەمواری یاساکە بکرێت بەخستنەسەری چەمکی (البعث الصدامي) بۆسەر برگەی ٣ لەمادە ٥ی یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥.

٥- لە یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ دەقێك نیە ڕێگری بکات لەبەکارهێنانی ناو نازناو هێماو سمبولە ئاینیەکان لەبەکارهێنانیان لەناو ئالاَو لۆگۆی پارتەکان و پرۆسەی کێبەرکێی و بانگەشەی هەڵبژاردندا، لەکاتێکدا ئەم دیاردەیە بەئاستێکی زۆر لەپرۆسەکانی هەڵبژارندا دەبینرێت، کە جگە لەراکێشانی هەست و سۆزی دەنگدەران بەشێوازێکی نادروست، لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆکاری تۆخکردنەوەی جیاوازیە نادروستەکان و برەودان بە بیری توندوتیژی و دەمارگیری. لەسەر ئەم بنچینەیە پێشنیاز دەکەین کە یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٥ هەموار بکرێت و برگەیەك بخرێتە سەر مادەی ٧ی یاساکە کە تیایدا هاتبێ : ڕێگەنادرێت بەبەکارهێنانی ناو، هێما، سمبولە ئاینیەکان لەناو ئالاَو لۆگۆو ... پارتەکان وسەرجەم چالاکیەکانی پارتە سیاسیەکان بەتایبەتی لەبواری کێبرکێ لەبەرامبەر رکابەرەکانیدا.

## پوختە

پێشتر و لەقۆناغەکانی رابردوی ژیانی سیاسیماندا لەئاستی پێویست و شایستەدا گرنگی نەدراوە بەدارشتن و رێکخستنی یاسایی پارتە سیاسیەکان وجۆرێك لەپشت گوێ خستن هەبوە لەئاست ئەم بابەتە گرنگەی کومەلگەی ژیاری و دیموکراسی، بەلاَم بەهۆی گۆرانکاری لەکایەی سیاسی و رێگەی وەرگرتنی دەسەلاَت لە نادیموکراسیەوە بۆ رێگەی دیموکراسی و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەلاَت، پەرلەمانەکان هەوڵیاندا ئەم کەلێنە پربکەنەوە لەرێگەی دەرکردنی یاسای تایبەت بەپارت و رێکخستنە سیاسیەکان. لەسەر ئەم بنچینەیەش گرنگیدان بەدارشتنی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ رێکخستنی پارتەسیاسیەکان بەشێوەیەکی بایەتیانەی زانستی رێکخراو کرۆکی توێژینەوەکەمانە، بەوپێیەی پارتی سیاسی وەك: پایەیەکی گرنگ و پێکهێنەری کۆمەڵگای سیاسی و رەگەزە سەرەکیەکانی سیستەمی سیاسی دیموکراسیە و هەروەها ئەم بابەتە یەکێکە لەگرنگترین بابەتەکانی بواری یاسای دەستوری و زانستە سیاسیەکان، ولەعیراقیشدا لەدوای دانانی دەستوری نوێی عیراق لەساڵی ٢٠٠٥ توێژینەوە لەبواری پارتەسیاسیەکان گرنگی خۆی وەرگرت، بەتایبەتی لەدوای دەرچونی یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ی ساڵی ٢٠١٥. ئێمە لەوهەوڵەماندا ویستومانە وەلاَمی پرسیارێکی سەرەکی بدەینەوە کە ئایا لەرووی تیۆریەوە یاسای پارتە سیاسیەکانی عیراق ژمارە ٣٦ ی ساڵی ٢٠١٥ سەرکەوتو بوە لەرێکخستنی هەمەلایەنەی پارتە سیاسیەکان؟ بەتایبەتی لەوبابەتانەی پەیوەستن بە پێناسەورەگەزە بنچینەیەکانی پارتی سیاسی، جۆرەکانی پارتی سیاسی و تایبەتمەندیەکانی، ئەرك و مافەکانی پارتە سیاسیەکان.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوەکان بەزمانی عرەبی**

١- د. اسماعيل على سعيد، دراسات في المجتمع والسياسة، الجزء الأول، دار النهظة العربية، بيروت، لبنان، ١٩٨٨

٢- د. نوري لطيف، القانون الدستوري والنظام الدستوري في العراق، الطبعة الثانية، مطبعة علاء، ١٩٧٩

٣- د. سعاد الشرقاوي، الأحزاب السياسية، منشورات جامعة القاهرة، العدد ٦٤،

٤- د. نعمان احمد الخطيب، الوجيز في النظم السياسية، الطبعة الأولى، دار الثقافة، عمان، ١٩٩٩

٥- د. حسان محمد شفيق العاني، الأنظمة السياسية والدستورية المقارنة، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٦

٦- د. أسامة الغزالي حرب، الأحزاب السياسية في العالم الثالث، عالم المعرفة، ١٩٧٨

٧- د. عبدالغني بسيوني عبدالله، الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري، مطابع السعدني، ٢٠٠٤.

٦- د. كريم يوسف احمد، الحريات العامة في الأنظمة السياسية المعاصرة، منشأة المعارف بالأسكندرية، ١٩٨٧

٧- د. وليد بيطار، مدخل الى علم السياسة، الجء الثاني، المؤسسة الحديثة للكتاب، لبنان، الطبعة الأولى، ٢٠١٤

٨- موريس دوفرجيه، المؤسسات السياسية والقانون الدستورى، الأنظمة السياسية الكبرى، ترجمة د. جورج سعد، الطبعة الأولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٢.

٩- فيليب برو، علم الإجتماع السياسى، ترجمة د. محمد عرب صاصيلا، الطبعة الثالثة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠١٤.

١٠- د. زانا رؤوف حمة كريم، البنية القانونية للأحزاب السياسية في اقليم كوردستان – العراق، مجلة دراسات قانونية وسياسية، كلية القانون والسياسة، جامعة السليمانية، العدد ٤، السنة الثانية، ٢٠١٤.

١١- د. مصدق عادل طالب، شرح قانون الأحزاب السياسية رقم ٣٦ لسنة ٢٠١٥، مكتبة السنهوري، بيروت، ٢٠١٦.

١٢- مولود مراد محى الدين، نظام الحزب الواحد واثره على الحقوق السياسية للمواطن، دراسة قانونية تحليلية، الطبعة الأولى، مطبعة سيما، السليمانية، ٢٠٠٧

١٣- د. عصام الدبس، النظم السياسية، الكتاب الأول، أسس التنظيم السياسي، الطبعة الأولى، دار الثقافة، ٢٠١٠.

**دووەم: سەرچاوەکان بەزمانی کوردی**

١٤- د. ڕێبوار کریم محمود، پارتە سیاسیەکان و رای گشتی، مەکتەبی بیروهۆشیاری ی ن ك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩،

١٥- د. عدنان عبداللە رشید و د خامۆش عمر عبداللە، بنەماکانی سیستەمە سیاسیەکان، چاپی یەکەم، خانەی اربیل، ٢٠١٢

١٦- بەهادین احمد محمد، پارتە رامیاریەکان، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٧

**سێیەم: سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان**

١٧- د. باسم الزبيدي، مأزق الديمقراطية في الأحزاب الحاكمة في العالم العربيwww.bohothe . Blogspot.com.

١٨- د. نصر محمد على الحسيني، النظام الحزبي واثره في اداء النظام السياسي للولايات المتحدة الأميركية، اطروحة الدكتوراه، كلية العلوم السياسية، جامعة نهرين، ٢٠١٣، ل١٣-١٥، بلاَوكراوەتەوە لەپێگەی ئەلكترۆنی www. Ihec.iq ڕێکەوتی ٢٠١٦/٧/٢.

١٩- ومفهوم ونشاة الأحزاب السياسية، بلاَوکراوەتەوە لەپێگەی ئەلکترۆنی www.thesis.univ-biskra.dz ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/٣٠

چوارەم: دەستورو یاساکان

٢٠- دەستوری عیراق ساڵی ٢٠٠٥، لەزنجیرە بلاَوکراوەکانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٠٦.

٢١- یاسای پارت و ڕێکخستنە سیاسیەکان لەعیراقدا ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥

پێنجەم: بلاَوکراوەکان:

٢٢- ڕۆژنامەی فەرمی کۆماری عیراق (الوقائع العراقیە) ژمارە ٤٣٨٣ لەڕێکەوتی ٢٠١٥/١٠/١٢.

٢٣- چەند وێستگەیەك لە نوسینەوەی دەستوری فیدراڵی بۆ عیراق، چاپی یەکەم، چاپەمەنی شەهاب، وەرگێران و ڕێکخستنی کریم بحری برادۆستی، بلاَوکراوەکانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٠٦.

شەشەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

٢٤- Hibbs, Douglas A. "Political parties and macroeconomic policy." *American political science review* ٧١, no. ٠٤ (١٩٧٧): ١٤٦٧-١٤٨٧.

٢٥- Main, Jackson Turner. *Political Parties before the Constitution*. UNC Press Books, ٢٠١٤.

٢٦- Michels, Robert. *Political parties: A sociological study of the oligarchical tendencies of modern democracy*. Hearst's International Library Company, ١٩١٥.

٢٧- Fitzmaurice, John. *Western European political parties: A comprehensive guide*. Longman Publishing Group, ١٩٨٩.

٢٨- Van Biezen, Ingrid. "Constitutionalizing party democracy: the constitutive codification of political parties in post-war Europe." *British journal of political science* ٤٢, no. ٠١ (٢٠١٢): ١٨٧-٢١٢.

## ملخص البحث

لم يحض التنظيم وتكوين الاحزاب السياسية باهتمام ومكانة مطلوبين، اذ ثمة تجاهل تجاه هذا الموضوع الحساس في المجتمع المتحضر والديمقراطي، الا انه بسبب التغيرات التي طرأت على الجوانب السياسية و طريقة الوصول الى السلطة عن طريق غير ديمقراطي الى اسلوب ديمقراطي و تداول السلطة بصورة سلمية، حاولت السلطات التشريعية احتواء الموضوع عبر اصدار قانون مختص بالاحزاب والتنظيمات السياسية. بناءً على ما سبق فإن اعطاء الاهتمام بصياغة و نطاق قانوني لتنظيم الاحزاب السياسية بطريقة موضوعية و علمية منظمة هو محور دراستنا، بحيث ان الحزب السياسي هو احد دعامات و مكونات المجتمع السياسي الديمقراطي، كما وهو من أهم المواضيع في مجال القانون الدستوري و العلوم السياسية. وقد حضيت دراسة الاحزاب السياسية بالاهتمام في العراق بعد سن الدستور لسنة ٢٠٠٥م، لاسيما بعد اصدار قانون الاحزاب السياسية رقم ٣٦ لسنة ٢٠١٥م. ونحن قد حاولنا في هذا الجهد الإجابة على سؤال رئيسي وهو: هل كان قانون الاحزاب السياسية رقم ٣٦ لسنة ٢٠١٥م ناجحا في تنظيم شامل للأحزاب السياسية، خصوصاً في المسائل المتعلقة بالعناصر الاساسية للحزب السياسي و اختصاصاتها و كذا حقوق و واجبات الاحزاب السياسية؟

## Abstract

In the previous phases of our political life, insufficient importance has been attached to making and regulating a law for political parties, which means there has been a kind of neglect towards this important aspect of democratic society. However, by making changes in the political field and taking authority away from the undemocratic system to a democratic system along with a peaceful transferring of power, the successive parliaments have tried to fill this gap through issuing special laws to parties and political arrangements.

Based on this, attaching importance to the creation of a legal framework for regulating political parties in a subjective, scientific and regulated way is at the heart of our research, due to the fact that a political party is an important pillar in establishing a political society and essential items for a political and democratic system. Also, this topic is one of the important subjects in the fields of constitutional law and political science.

In Iraq, after the creation of the new Iraqi institution in 2005, importance has been attached to the research of political parties, especially after the Iraqi political parties No. 36 law of 2015 was issued. Therefore, in this research, we tried and intended to reply to a main question, which is "was theoretically the Iraqi political parties law No. 36 of 2015 successful in comprehensive regulation of political parties?" This is especially with regard to the subjects related to the definition, the essential items of a political party, types of political parties and their features, and the responsibilities and rights of political parties.